# تاوانی دژی پزیشکی

نووسینی : ئە. ئەسلانۆف و یو. شیشینا
وەرگێڕی لەرووسی‌یەوە : جەلال تەقی

لە دێر زەمانەوە لەناو پزیشکاندا ئەم سوێندەی «هیپۆکرات» باوە «سوێند بە ئەپۆلۆ و ئیسکۆلاپ و گیگلیێ و هەموو خواوەندەکان ئەخۆم‌و ئەیانکەم بە شاهێد کە ئەم سوێندەم نەشکێنم‌و فەرمانی سەرشانم بەجێ‌بێنم . . .

سوێند ئەخۆم بەپێ‌ی توانا تێگەیشتنم بۆ چاکەی نەخۆش بەکاربهێنم‌و دووربم لە هەموو زیان‌و دوژمنایەتی‌یان . ئەگەر توانیم ئەم سوێندە بەپیرۆزی بەجێ‌بێنم‌و نەیشکێنم خوا کامەرانم بکات‌و بیمە نموونە بۆ خەڵك ، ئەگەر شکاندم‌و بەزیان بەکارم هێنا خوا چارەنووسم رەش بکات .»

هیپۆکرات . . . (٤٦٠-٣٧٧) پیێ.ز

لە ١٩٣٥دا تازەترین پەڕاوی ئەڵمانی دوکتۆر «کلینگلەر»ی شاری شتودگارد دەرچوو . نووسەر ئەو تیۆری‌یەی خۆی شی‌کردەوە کە ئەڵێ «ولاَت پێویستی بە مانەوەی ئەو نەخۆشانە نیە کە چارەناکرێن . . .» ئەمەشی بەم جۆرە روون‌کردەوە : «پێویستە بە مردنێکی خێراو بیێ‌ئازار کۆتایی بەژیانیان بهێنرێ .»

لە زۆر کۆنەوە ئەم پرسیارەکراوە : «ئایا پزیشك مافی ئەوەی هەیە لەکاتی زۆر پێویستیدا نەخۆش بکوژێ ؟»

ئەم پرسیارە لە زۆرکۆڕی زانیاری‌و پزیشکیدا کراوەو شی‌کراوەتە ، بەلاَم هەمیشە وەرام نەگۆڕاوە : «نەخێر ، کەس مافی ئەمەی نیە !»

هەروەها یاساکانی ئەڵمانیای پێش «١»ی ئەیلولی ١٩٣٩ هەمان وەرامی داوەتەوەو یاسای هەمووولاَتانی جیهان هەمان رێبازیان هەبوە . لەم بارەیەوە دوکتۆر «مۆل»ی ئەڵمانی لە ١٩٠١دا نووسی : «ئەگەر لەکاتی زۆر پێویستیشدا پزیشك ناچاربێت نەخۆش بکوژێ سنوورو جیاوازی چارەسەرکردنی نەخۆشی‌و تاوان کردن نامێنیێ .»

لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ : ئەی چۆن «دوکتۆر کلینگلێر» توانی ئەم شێوەی لەناوبردنە بەمێشکیدا بیێ ؟ . . . بۆ ئەوەی ئەمەمان لاسەیر نەبیێ ئەبیێ بارو دۆخی ئەوسالاَنەی ئەڵمانیا

بزانین .

کتێبەکەی «کلینگلێر» پاش ئەوە دەرچوو کە پارتی نازی بەسەرۆکایەتی «ئەدۆلف هیتلەر» دەسەلاتی گرتە دەست . ئەو کاتە بیروپیلانی «داوی جالجالۆکە»ی «ئۆردگای مردن» لەمێشکیاندا جێگیربوو بووو تەلی دڕکاوی بە دەوری ئۆردگای «داخاو» و «بوخینڤالد» داگێررابوو بۆ قەدەغەکردنی بیری سەربەستو رۆژنامە نووسی راستو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان ، و بۆ چەسپاندنی بیروڕای نازێتی چەشنە هاپڕو پاگاندە ئاخنرایە مێشکی گەلەوە کە بوە پەڵەیەکی رەش بەناوچەوانی مرۆڤایەتی‌یەوە .

لەم پڕۆپاگاندانەدا مرۆڤ «خۆ»ی نەماو بوە داردەستی «رەگەز» و ئەوگەلانە دەستنیشان کران کە مافی ژیانیان نیەو لاوانی ئەڵمانیایان فێرکرد چۆن ئەو گەلانە لەناو بەرن .

ئەو کتێبە پزیشکی‌یە کە باسای لەناوبردنی نەخۆشی چارە نەکراوی هێنایەکایە ئەوەی ئاشکرا کرد کە دۆزەخی فاشیزم لەناو کاری مرۆڤانەی پزیشکیدا رەگی داکوتاوە .

پێش ئەوەی کاری پزیشکی گلاو بکەن دوکتۆری ئەڵمانی لە جیهاندا رێزو جێگایەکی گەلێ تایبەتی هەبوو ، زانای نەمری وەك «ڤیرخۆڤ» و «ئێرلیخ»و «کۆخ»و چەندانی تر بەڵگەن بۆ ئەمە . ئەوسا دوکتۆری ئەڵمانی زۆر بەوردی پارێزگاری سنووری مرۆڤانەی پزیشکیی ئەکرد . دیارە ئەم جۆرە پزیشکی‌یە پڕ لە هەستی مرۆڤایەتیو دوور لە چەوساندنەوەی رەگەزپەرستی‌یە بەکەڵکی دەسەڵاتدارانی فاشیزم نەئەهاتو ئەبوایە بگۆڕیو پزیشکانی ئەڵمانیا ناچارکران یەکێك لەم دوو رێبازە هەڵبژێرن : یان بەپێی بیروڕای فاشیستەکان کاربکەن یان بەرەنگاری ئەو رژێمە بنو ببنە دوژمنی . . . بەداخەوە ، زوربەیان باری دژی مرۆڤایەتیو زانیاری‌یان هەڵبژاردو چوونە ریزی پارتی نازی یان رێکخراوی لاوانی هیتلەری‌یەوە کەبە «ئێس‌ئێس» بەناوبانگ‌بووو ، سوێندە مەزنەکەی «هیپوکرات» یان گۆڕی بۆ سوێندی هیتلەرو بەم جۆرەیان لێکرد : «سوێند ئەخۆم هەتا مردن دڵسۆزی ئەدۆلف هیتلەرو ئەو کاربەدەستانەبم کە ئەو بۆم دەستنیشان ئەکات .»

واتا ، دوکتۆرەکانی ئەڵمانیا سوێندیان خوارد کە ئیتر واز لە بیروڕاو رەوشتی رابوردوو ، و ریبازی ژیانی پزیشکی بهێنن . . ئەمەش مەبەستی سەرەکی فاشیزمە ، چونکە لەویدا دەوڵەت ئەبێ لەباتی «مرۆڤ» بیربکاتەووە .

لە تەموزی ۱۹۳۹دا لە بارەگای هیتلەردا ، «ڤیکتۆر براك»ی ئەفسەر کۆمەڵێك دوکتۆری کۆکردەوەو لە ئەنجامدا بڕیاردرا :

ئەوانەی نەخوشیی دەروونیی‌یان لەگەڵدایە لە ناوبرێن !» .

بەجێ هێنانی ئەم کارەو سەرۆکایەتی جێبەجی‌کردنی ئەم «پڕۆگرامە» بە ناودارترین پزیشکی ئەو سەردەمە سپێررا کە «کارڵ برانت»ی دوکتۆری تایبەتی هیتلەر یەکێك بوو لەوان . پاش ئەمە ، لەیەکی ئەیلوولی هەمان ساڵدا هیتلەر ئەم نامە رەسمی‌یەی مۆرکرد :

بۆ : سەرۆکی دوکتۆرانی رایخ : بۆولێر

بۆ : دوکتۆر برانت

بڕیاردرا رێگاتان پی‌بدرێ بۆ پەرەپێدانی رێبازی ئەو پڕوگرامەی لەهەستی مرۆڤایەتی‌یەوە ئەڕوانێتە ئەو نەخۆشانەی کەچارەسەرکردنیان نیە بۆ ئەوەی مردنێکی بێ ئازاریان پی‌ببەخشرێ .

«هیتلەر»

بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆگرامە بودجەیەکی تایبەتی تەرخان‌کرا ، چونکە بێ‌گومان لەناوبردنی مرۆڤ پێویستی بە خەرج کردنی پارەهەیەو رێگایەکی تایبەتی بۆ ئەم لەناوبردنە ئامادەکرا . .

لەبارەگای هیتلەردا لە شاقامی تیرگارتن شتراسێ «ژمارە «٤» پڕۆگرامی «ت–٤» لە دایك بوو و «رێکخراوی ئیمپراتۆریی بۆ چارەسەرکردن»و «رێکخراوی ئیمپراتۆریی بۆ یارمەتی‌دانی نەخۆش» پێك هات . رێکخراوی یەکەم لیستەی

ناوی ئەوانەی ئامادە ئەکرد کە پێویستیان بە «چارەسەرکردن» هەیەو ڕێکخراوی دوەم بەیارمەتی شەش ڕێکخراوی‌تر لە ناوبردنی «بێ‌ئازار»ی ئەنجام ئەدا . . .

دوکتۆرە «مەزنەکان» ، بەبێ ئاگاداری نەخۆشەکان بەم جۆرە بڕیاری خۆیان ئەدا : «بەڵێ» «نەء» ، «گومانی لێ‌ئەکرێ» ! و پاش ئەمە نەخۆشەکان کارتی تایبەتی‌یان بۆ ئەکراو ڕۆژو کاتی «چارەسەر کردن» دیاری ئەکراو پاش ئەمە پەجل‌و کەل‌وپەلەکانەوە ئەیانناردنە ئەو نەخۆشخانانەی کرابوون بەشوێنی لەناوبردن .

نەخۆشەکان ، بێ ئەوەی بزانن مەسەلە چیە ، ئەکرانە هۆڵی تایبەتی خۆشتنەوەو لە کونی دووشەکانەوە لەباتی ئاو غازی کوشندەیان بۆ ئەهات‌و لەناوی ئەبردن .

لە کانونی یەکەمی ١٩٣٩دا دوکتۆر براك‌و دوکتۆر بۆولێرو دوکتۆرکۆنتی ئەم تاقی‌کردنەوەیەیان لەسەرچوار نەخۆشی دەروونی کرد . . . لەسەر کورسی گەرماوەکە دایان نان‌و بەشێوەیەکی «مرۆڤانە» بە غازی «ئۆکسیدی کاربۆن» خنکاندیانن .

دوکتۆرەکان لە پەنجەرەوە سەیری کارەکانیان ئەکردو لەو مرۆڤانە کەرەسەی تاقی‌کردنەوەو پێشکەوتن زانیاری‌یان ئامادە ئەکرد . . . پاش سووتاندنی لاشەکان خۆڵەمێشەکەیان ئەنارد بۆ کەس‌و کاریان‌و هۆیەکی درۆی مردنیان دیاری ئەکردو پێ‌ناخۆشی‌خۆیان بۆ دەرئەخستن . بەم شێوەیە لە ساڵێکدا (٢٧٥) هەزار کەسیان کوشت !

بەم جۆرە سنوور لە نێوانی کاری پزیشکی‌و تاواندا نەماو ئەتوانرا هەموو کەسێك بەم شێوەیە لەناو ببرێ ! .

زۆری پێ‌نەچوو ئەم جۆرە لە ناوبردنە لە سنووری نەخۆشە دەروونی‌یەکاندا نەماو نەخۆشی هەمە جۆرەو حەپسی ئۆردوگاکان‌و دیلی جەنگ‌و پیرەمێردو پیرێژن‌و کریکارە بیانی‌یەکانیشی گرتەوەو پروگرامی «ت-٤» پەردەی تاریکی بەسەر پزیشکی ئەڵمانیادا هێناو بێجگە لەم شێوەی کوشتنە ئامادەیان کردن بۆ هەموو کارێکی نارەوای فاشیزم‌و نازیێتی و بوون بە یارمەتیدەری ئاشکرای پرۆگرامی لەناو بردن‌و ڕژێمە فاشیستەکەی ئەڵمانیا دەستی کرد بە بەکارهێنانی زانیاریی پزیشکی بۆ کاری فراوانی تاوان‌و لەناو بردن . ئەم چەند دێڕەی یادداشتەکانی دوکتۆر «ئۆیگن پاول کرامەر» ، کە بڕوانامەی دوکتۆرای فەلسەفەو نیشانی پرۆفیسۆری پزیشکی هەبووو دوکتۆری تایبەتی ئۆردوگای «ئەسفێنسیم» بوو ، بەڵگەن بۆ ڕاستی ئەم قسانە :

١٩٤٢-٩-٢

لەسەعات سێدا بۆ یەکەم جار ئامادەی بەجێ‌هێنانی کاری «ت-٤» بووم . دۆزەخی کتێبەکەی دانتی لە چاو ئەمەدا کۆمیدیایەکەو هیچی‌تر بۆیە سەیرنیە کە بەئەسفێنسیم ئەڵێن «ئۆردوگای مردن .»

١٩٤٢-٩-٥

لە ئۆردوگای ژناندا ئامادەی بەجێ‌هێنانی پرۆگرامەکە بووم . ئەمەیە ترسناکترین کار . لەبەرئەوەی لەم ئۆردگایەدا ½ی لیترێك ڤۆدکاو «٥» جگەرە و «١٠٠» غرام باسترمەو «١٠٠» غرام نان ئەدەن بەوکەسەی ئەم کارە بەجێ دێنێ ، پیاوانی «ئێس‌ئێس» هەڵپە ئەکەن ئەم کارەیان پێ‌بسپێرن .

١٩٤٢-٩-٨

ئەمرۆ یەك شەممەیە . نانی نیوەڕۆمان زۆرنایاب بوو . هەرکەسەمان تەماتەو نیومریشك‌و پەتاتەو کەلەرمی سوورو قاپێك دۆندرمەی بێ‌وێنەمان خرایە بەردەم . سەعات هەشتی ئێوارە دووبارە ئامادەی بەجێ هێنانی «ت-٤» بووم .

١٩٤٢-١٠-١٠

پەنکریاس‌و جگەری تازەم لەلاشەکان دەست‌کەوت‌و دەستم کرد بە تاقی‌کردنەوە لەسەریان .

## ● لە دایك‌بوونی کاری «دژی‌پزیشکی»

قەلاچۆکردنی دانیشتوانی شارە داگیرکراوەکان بەئەندامە

پێشکەوتوەکانی پارتی نازی ئەسپێررا کە لاوانی «ئێس ئێس» بوون ، و یەکسەر دوور لەو شارانە ئۆردوگای مردن دا ئەمەزراو بەتەلی دڕکاوی کارەبای کوشندە لەسەر دەورە ئەدراو بەجۆرەها ئامرازو کەرەسە نموونەی کاری فاشیستەکان ئەنجام ئەدرا . لە هەمو شوێنە داگیرکراوەکانی ئەوروپاوە ئوتومبێل‌و شەمەندەفەری سیخناخ‌کراو لە مرۆڤ ئەهێنران و لەم ئۆردوگایانە گیر ئەکران‌و بەپێ‌ی سیستەمی نازی رەگەزو توانای ئیش‌کردن‌و بێگار پێکردن‌و «مرۆڤی زیادە» و «بێ‌پێویست» جیا ئەکرانەوە . پاش‌ئەوەی بەکارپێکردن‌و ماندووکردن هێزو توانای «مرۆڤە زیادەکان» یان ئەمڕی‌و ئیتر بە کەڵکی ئیش‌کردن نەئەهاتن رەوانەی شوێنی مردن ئەکران . لەوێش کەڵك لە ئێسقان‌و پێست‌و قژیان وەرئەگیراو خۆڵەمیشەکەشیان وەك «پەین» بۆ بە پیت‌کردنی زەوی بەکار ئەهێنا . کارکردن لەم ئۆردوگایانەدا وەك سەعات بێ‌وەستان‌بوو ، و تاقەیەك هەڵبژاردن هەبوو : یان ئیش‌کردن یان مردن . چونکە دوکتۆرەکان بەپێویسیان نەئەزانی دەرمانی نەخۆشەکان بکەن .

دوکتۆرەکان ئارەزووی دەسەلاتدارانی نازی‌یان بەجێ‌ئەهێنا کە بریتی‌بوو لە ئیش‌پێکردن هەتا مردن‌و پاش ئەمەش کوشتن بە هەرزانترین‌و خێراترین شێوە . هەرئەوانیش نەخۆشی «چارەنەکراو» یان لە ناو گیراوەکاندا هەڵئەبژاردو پێش کوشتنیان سەیری ناو دەمیان ئەکردن بۆ ئەوەی ئەگەر دانی زێڕیان لە دەمدا بێ دەریان بهێنن . هەروەها لە باربردنی منداڵی ژنی سك‌پڕی غەیری ئاریش بەوان سپێررابووو هتد . . .

زۆر دامەزراوی وڵات بەهۆی سەرۆکایەتی «ئێس ئێس»ەوە داوایان لە دوکتۆرەکان ئەکرد «کاری زانیاری پزیشکی»یان بۆ ئەنجام بدەن . بۆ وێنە ، تاقی‌کردنەوەی بەرگەگرتنی کەرەسەی کیمیاییان لەسەر مشك نەئەکرد ، بەڵکو مرۆڤی زیندوویان بۆ ئەمە بەکار ئەهێنا .

کولیجی سوپایی ئێس‌ئێس فەرمانی پێ‌دان تاقی‌کردنەوەی تووش‌کردنی ترسناکترین درم لەسەر مرۆڤی لەش‌ساغ بکەن .

کۆمپانیای «خاربێن ئیندوستری» ، کە گەورەترین دامەزراوی کیمیاوی ئەڵمانیابوو کەرەسەیەکی تازەی کیمیاوی بەبەندی ئۆردوگاکان تاقی‌کردەوەو لەم بارەیەوە سەرۆکی ئەم دەزگایە بۆ سەرۆکی ئۆردوگای «ئۆسڤێنسیم»ی نووسی : «زۆر سوپاستان ئەکەین ئەگەر بتان توانیایە بۆ تاقی‌کردنەوەی ئەم مادە تازەیەمان چەند ئافرەتێکتان بۆ ئامادە بکردینایە . . . وابزانین ژنی بە (٢٠٠) مارك گرانە . تاقی کردنەوەکانمان گەیشتنە ئەنجام‌و ژنەکانی جاری پێشوو هەموو مردن . بەم‌زوانە داوای کۆمەڵێك ژنی ترتان لێ ئەکەین .» .

لەساڵانی ١٩٤٣–١٩٤٤دا لە ئۆردوگای (بوخینڤالد) بۆکاری سوپایی چەند ژەهرێکیان لەلەشی‌گیراوەکاندا تاقی کردەوە . . . بۆ ئەمە ژەهریان ئەکردە خواردنەکانیانەوەو گوللەی ژەهراوییان پێوە ئەنان .

لە ئۆردوگای «راڤێنس برۆگ»دا دوکتۆرەکان بەچەکوش ئێسقانی گیراوەکانیان ئەشکاند ، ماسولکەی لەشیان دەرئەهێنان ، و بۆ ئەنجامدانی کاری «مرۆڤایەتی» ئاڵ‌و گۆڕیان بە شوێنی ئێسقانەکانیان ئەکردو دەست‌و قاچیان ئەبڕینەوە ! . . .

لە لێپرسینەوەی تاوانبارانی شەڕدا ، لەدادگاکانی «نورنبێرك» دوکتۆر «فرانزبلاخا» ئەمەی خوارەوەی روون کردەوە :

«من کە ناوم فرانز بلاخایە ، پاش سوێند خواردن ئەمەی خوارەوە ئەڵێم :

لە پراگ‌و ڤیەناو ستراسبورگ‌و پاریس پزیشکیم خوێندەوە . . لە «١٩٢٠»ەوە هەتا ١٩٢٦لە خەستەخانە دائیشم کردوە ، لە ١٩٢٦دا بووم بەسەرۆکی خەستەخانەی «مۆراڤ» لە چیکۆسلۆڤاکیاو لەم‌کارەدا مامەوە هەتا لە ١٩٣٩دا ئەڵمانەکان شارەکەیان گرت‌و منیشیان دیل‌کردو لە نیسانی ١٩٤١دا رەوانەی ئۆردوگای «داخاو»یان کردم‌و هەتا لە نیسانی ١٩٤٥دا ئەم ئۆردگایە سەربەست‌کرا مامەوە . لەوێ هەتا

تەموزی ١٩٤١ لە ریزی «گیراوە سزادراوەکان»دا بووم، لەوەپاش رەوانەی خەستەخانەی سوپاییان کردمو چەشنەها تاقی‌کردنەوەی تووش کردنی گراناتەی ریخۆڵەیان لەسەر کردم. کەپاش ئەمە ویستیان تاقی‌کردنەوەی عەمەلیات کردنی جۆراو جۆرم بکەن ناچار بووم دان بەوەدا بنێم کە دوکتۆرمو بەمە لەعەمەلیات رزگارم بوو و بەناوی دوکتۆری جەراحەوە ناردیانم بۆ نەخۆشخانە.

لەویٚ فەرمانیان پیٚ‌دام کەعەمەلیاتی گەدەی بیست بەندی لەش ساغ بکەم. کە ئەمەم رەت‌کردەوە ناردیانمە بەشی «کردنەوەی لەشی مردوەکان» هەتا نیسانی ١٩٤٥ لەوبەشەدا مامەوە لەویٚ، لە ژێر چاودێری مندا «١٢» هەزار لاشە هەڵدرا. لە «داخاو» ئاگاداری چەشنەها تاقی‌کردنەوەی پزیشکی بووم کە لەسەر مرۆڤی زیندوو ئەکرا.

ئەوەی شایانی باسە کەس لەگیراوەکان بەم تاقی‌کردنەوانە قایل نەئەبووو بەزۆر ئەیانهێنان. دوکتۆر «کلاوس شیلینگ» تاقی‌کردنەوەی تووش کردنی مەلاریای لەسەر زیاد لە «١٢٠٠» کەس‌کردو تووشی ئەم نەخۆشی‌یەی کردن. بۆ ئەمەش یان مێشوولەی مەلاریایان پێوە ئەنان بیانگەزیٚ یان ر، ستەوخۆ میکرۆبی مەلاریایان تیٚ‌ئەکردن. دوکتۆر «شیلینگ» ئەمەی لە نێوان ساڵانی «١٩٤١-١٩٤٥»دا بە فەرمانی راستەوخۆی «هیملەر» بەئەنجام گەیاند.

لە ١٩٤٢-١٩٤٣دا دوکتۆر «راشێر» گۆڕینی پاڵەپەستۆی هەوای لەسەرگیراوەکان تاقی‌کردەوە. بۆ ئەمەش «٢٥» کەس ئەخرایە ژوورێکی تایبەتیەوە کە بە پیٚ‌ی پێویست ئەتوانرا پاڵەپەستۆی هەوای تێدا بەرزو نزم بکرێتەوە... مەبەستی ئەم تاقی‌کردنەوەیە زانینی باری فڕۆکەوانەکان بوو کە ناچار ئەبوون لەبەرزایی زۆرەوە لەپڕ بەپەرەشووت بێتە خواریٚ.

لەپەنجەرەی ئەم ژوورانەوە ئەو خەڵکانەم ئەدی کە بەبیٚ‌هۆشی لەسەر زەوی‌یەکەی کەوتبوون‌و لەئەنجامی خوێن بەربوونی مێشك‌و سی‌یەکاندا ئەمردن. ئەوانەی نەئەمردن کەدەریان ئەهێنانەوە زوربەیان بەدەم خوێنیان ئەهێنایەوە. کاری من ئەوە بوو مردوەکان لەو ژوورانە دەربێنم‌و ئەندامەکانی ناو لەشیان رەوانەی «مۆنیخ» بکەم. ئەم تاقی‌کردنەوەیە لەسەر (٤٠٠-٥٠٠)کەس کرا ئەوانەی بەمە نەمردن رەوانەی بەشی «پەك کەوتەکان» کران‌و لەوەپاش لەناوبران.

بێجگە لەمە دوکتۆر «سۆتس» و «بابار»و «گیزێلڤیتەر»و پرۆفیسۆر «لاوێر» تاقی‌کردنەوەی ژەهراوی کردنی خوێنی مرۆڤیان بەجیٚ‌ئەهێنا. بۆ ئەم مەبەستە چل بەندیان ئەهێنا، مادەی ژەهراوی‌یان بەپێستیاندا ئەپڕژاند، یان بەدەرزی خوێنی ژەهراوی کراوی نەخۆشیان ئەکردە دەمارەکانیانەوەو ماوەی سیٚ رۆژپاش ئەمە بەبیٚ چارەکردن بەجیٚ‌یان ئەهێشتن. لەم ماوەیەدا نیشانەی «داگیرسان»ی ترسناك لەلەشیاندا دەرئەکەوت. پاش ئەمە دەکەس جیایان ئەکردنەوە، نیوەیان بەهۆی چەشنەها شلەی کیمیاوی‌یەوە هەموو دە دەقیقەیەك بۆ ماوەی ٢٤ سەعات چارە ئەکردو سولفامیدیان ئەدا بەنیوەکەی‌ترو عەمەلیاتیان ئەکردن. لە دواییشدا دەست‌و قاچی هەموویان ئەبڕینەوە.

لە ١٩٤١-١٩٤٢دا کۆمەڵە مرۆڤی «پەك‌کەوتە»مان هەبوو کەیان نەخۆش‌بوون یان کەڵکی ئیش کردنیان نەمابوو، و ناویان نابوون کۆمەڵەی «بەرەو ئاسمان». (١٠٠-١٢٠)کەس لەمانە هەموو هەفتەیەك ئەنێران بۆ ژووری «دووش»و لەویٚ چوارکەس لەباتی ئاو «فینۆل»و «ئێوپیپیان»یان پێدا ئەپڕژاندن‌و بەمە زۆر بەخێرایی ئەیانکوشتن. لە ١٩٤٣ بەولاوە ئەم پەك‌کەوتانەیان رەوانەی ئۆردوگاکانی‌تر ئەکردو لەویٚ ئەیانکوشتن.

لە ١٩٤١ بەدواوە ئۆردگاکەمان هەتا ئەهات پڕتر ئەبوو. لە ١٩٤٣دا ئەو نەخۆشخانەیەی بۆیان تەرخان کرابوو پڕ بوو، بۆیە نەئەتوانرا بیر لەپاك‌و تەمیزی‌یان بکرێتەوە، چونکە ئەو شوێنانەی لەشوباتی ١٩٤٢دا «٣٠٠-٤٠٠» کەسیان تێدابوو لە ١٩٤٣دا گەیشتە هەزارکەس‌و لەسەرەتای ١٩٤٥دا زیاد لە «٢٠٠٠» کەسیان تیٚ‌خزێنرا.

ئەوانەی تازە ئەهێنرانە ئۆردوگا کەمان بەزستان یان بەهاوین چەند سەعاتێك لەدەرەوە رایان ئەگرتن و زۆر جار لەبەیانی یەوە هەتا ئێوارە بەو جۆرە ئەیانهێشتنەوە ئەمە لە ١٩٤٣ – ١٩٤٤و سەرەتای سالّی ١٩٤٥دا بەجیٚ ئەهێنرا . لە تشرینی یەکەمی سالّی ١٩٤٤دا کۆمەلّێکی هەنگاری یان هێنا کە تووشی گرانەتایەکی قورس بووبوون . من کە فەحسی هەندێك لاشەی ئەم هەنگاریانەم کرد و بەمەمزانی بە دکتۆر (هەنتەرمێیر)م راگەیاند . ئەویش هەرەشەی لێکردم کە ئەگەردەم بکەمەوەو باسی ئەمە بکەم ئەمکوژیٚ . بەم جۆرە گرانەتایەکی کوشندە لەناو ئۆردوگادا بلاّوبوەوە . ئەوانەی تازە ئەهێنران و نەخۆش نەبوون تێکەلّی ئەوانەی پێشوویان ئەکردن و ئەوانیش تووش ئەبوون .

زوربەی ئەوانەی لە ١٩٤١–١٩٤٥دا ئەمردن پاش سلك هەلّدڕینیان بۆم دەرئەکەوت لەبرساندا مردوون . ئەمانە زوربەیان ئیتالّی و فەرەنسی و رووس بوون و لەوە ئەچوو بەدەستی ئەنقەست لەبرساندا کوژرابن . کە ئەمردن سەنگیان لە (٢٥–٣٠» کیلۆ تیٚنەئەپەڕی . . لەئەنجامی فەحس کردندا ئەمبینی ئەندامەکانی ناوسکیان گرژبوون و سیٚیەکی قەبارەی سروشتی خۆیان ماونەتەوە .

«ئەوانەی لەسەرەوە باسم کردن هەموویان راستن و خۆم ، بەبیٚ زۆرلێکردن نووسیومە . . دووبارە ئەوەی نووسیم بۆیان خوێندمەوەو ئیمزام کردو ئامادەم لەهەموو دانیشتنێکی دادگای نۆڕنبورگدا بیلّێمەوە .»

«دوکتۆر فرانزبلاّخا»
ئەلّمانیا – ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦

«ئەمەی سەرەوە لەبەرچاوی من نووسراوەتەوەو نووسەرەکەی سوێندی لەسەر راستی خواردوە»
«لیتینانت دانێل مارگۆلیس»

لە ئۆردگا کانی نازی یەکاندا ، لە ئەنجامی هاوکاری ناڕەوای نێوان دوکتۆرو دەسەلاّتداراندا کاری «دژی پزیشکی» پەیدابوو . . . ئەو دوکتۆرانە زانینی لەشی مرۆڤ و زانیاری پزیشکی یان لە زانا کۆنەکانەوە دزی و لە فاشیزمیشەوە زۆرداری و بیٚبەزەیی و دڕەندەییان وەرگرت .

لەژێر پەردەی چارەسەرکردندا پیاو کوژی یان ئەنجام ئەدا ، بەناوی تاقی کردنەوەی زانیارییەوە شوێنی تایبەتی سزادانیان دروست ئەکردو مرۆڤیان وەك مشکی تاقی کردنەوە لەناو ئەبرد ، بەناوی دەرمانخانەوە رەفەی پڕ لە ژەهریان ریزئەکرد . ئەم کارانەش ئەو تاوانبارانە بەجیٚیان ئەهێنا کە بەخۆیان ئەوت «دوکتۆر !»

«هیملەر»ی فەرماندەری گشتی «پاسەوانی نازی» لە نامەیەکی شێوە فەرماندا بۆ دوکتۆر (راشێر)ی نووسی : «ئەوەی رەخنە لەم تاقی کردنەوانە بگریٚ و دەست بێنێتە رێگایان – ئەو تاقی کردنەوانەی لەسەر ئەو مرۆڤانە ئەکرێن لە ریزی «ئەسپیٚ»دان بەچاوی ناپاکی دەولّەت سەیری ئەکەم و چارەنووسی مردن ئەبیٚ !»

## ● کوشتن بەناوی ژیانەوە :

لەپێش دەست پێکردنی جەنگدا یاسای «هەلّس و کەوت» کردن لەگەلّ دیلەکانی جەنگدا زۆر بەنهێنی ئامادەکرا و فەرمان بە دوکتۆرەکان درا لیستەی «خواردەمەنی» پێویستیان بۆ دابنێن و ئەوانیش زۆر بە «شادمانی»یەوە ئەم لیستەیان ئامادەکرد کە مەبەستی سەرەکی لەبرسا کوشتنی ئەو دیلانەبوو .

نەخشەی لەناوبردنی دیلی جەنگ کە لەوەپێش ئامادە کرابوو لە ١٩٤١–١٩٤٢دا کە وتەکار .

لەپێشدا هیتلەر قەدەغەی هێنانی دیلی کرد بۆ خاکی ئەلّمانیاو لە ئۆردوگا دەورە گیراوە بیٚشومارەکانی ولاّتە داگیرکراوەکاندا بلاّویان کردنەوە . لەو ئۆردوگایانەدا لە برساو لە سەرماو لە نەخۆشیدا ئەیانکوشتن ، قەدەغەش کرابوو دانیشتوانی شارە نزیکەکان خواردنیان بدەنیٚ .

هەندیٚ لەو ئۆردوگایانە بریتی بوون لە دەشتێکی بیٚ ژوورو

رووت‌و قووت‌و دیله‌کان له‌به‌ر به‌فرو باران‌و سه‌رماو گه‌رما ئه‌مانه‌وه . له زستاندا به رووتی‌و به پێ‌خاوسی له ڤاگۆنی سه‌ربه‌نال‌و له هاویندا له ڤاگۆنی داخراوی کون لێ‌بڕاودا ئه‌یانهێنان . پاش ئه‌مه پیاوانی «سه‌دریه‌ی سپی له‌به‌ر» به‌ناوی خزمه‌تی زانیاری‌یه‌وه ئه‌که‌وتنه قه‌لاچۆ کردنیان ، یان دوای ئه‌وه‌ی له ئیش کردندا ئه‌یانتاساندن ئه‌یانکوشتن . هه‌ندێ له‌وانه‌ی ئه‌یانهێنان بریندار‌بوون ، به‌لام به پێ‌ی یاسای فاشیزم له‌به‌ر ئه‌وه‌ی توانای کارکردنیان نه‌بوو زۆر زوو له‌ناو ئه‌بران .

چاره‌نووسی بریندارانی «دوژمن» له سه‌ره‌تای ساڵی ١٩٤٢دا له کۆنفرانسی به‌رلین له ژێر چاو دێری جه‌نه‌راڵ «گریڤێنس»دا به ئاماده‌بوونی نوێنه‌رانی نه‌خۆشخانه‌کان باس‌کراو ئه‌م بڕیاره‌درا : « ئه‌وانه‌ی شایانی ژیان نین ئه‌بێ به زووترین کات له‌ناوبرێن . »

له ئۆردوگای «بوخینڤالد»دا کوشتنی دیله‌کان له ژێر په‌رده‌ی چاره‌سه‌رکردنی نه‌خوشیدا ئه‌کرا . له ته‌ویله‌یه‌کی ئه‌و دیو ته‌لبه‌ندی ئۆردگاکه‌دا نه‌خۆشخانه‌یان کرده‌وه‌و به‌شه‌و بۆ «فه‌حس کردن» ئه‌یانبردن بۆ لای دوکتۆره‌کان . به مۆسیقای نایابه‌وه ، به . بیانووی پێوانی بالآیانه‌وه گولله‌یان ئه‌نا به‌لاجانگیانه‌وه .

تاقی‌کردنه‌وه‌ی کوشتنی «دوکتۆرانه» ، که له «بوخینڤالد» په‌یدابوو له ئۆردوگاکانی تریشدا بلاو بوه‌وه .

بێجگه له‌مه ، دیله‌کانی یه‌کێتی سۆڤێتیان وه‌ك ئاژه‌ڵ بۆ جیاکردنه‌وه داخ ئه‌کردو به ئاسنی سووره‌وه‌کراو مۆری ئۆردوگایان پێوه ئه‌نان .

ئه‌و لیسته‌ی خوارده‌مه‌نی‌یه‌ی دوکتۆره‌کان دایان نابوو ئه‌گه‌ر به‌ته‌واویش بدرایه به گیراوه‌کان کاری کوشنده‌ی خۆی ئه‌کردو زوربه‌یان پاش دوومانگ له برساندا ئه‌مردن . . پێش مردنه‌که‌یان وایان لێ‌ئه‌هات ئاگایان له دنیا نه ئه‌ماو گوێیان به‌هیچ نه‌ئه‌دا .

«هانزمیونخ»ی دۆتۆری تایبه‌تی (ئێس‌ئێس) له‌په‌ڕاوی برسێتی وتوانای به‌رگه‌گرتن»دا ئه‌مه‌ی نووسی :

«هه‌رگیز ناتوانرێ به‌ته‌واوی دیمه‌نی له‌برسا مردوه‌کانی ئۆردوگاکان بنووسرێ و ئه‌وه‌ی به‌چاوی خۆی نه‌یبینێ نازانێ مه‌سه‌له چیه ، بۆیه ته‌نها به‌چه‌ند باسێکی پزیشکی ئه‌مه روون ئه‌که‌ینه‌وه :

«له‌به‌ر نه‌مانی چه‌وری‌و پرۆتین پێست وشك ئه‌بێته‌وه‌و شانه‌کانی له‌شی به‌ره‌به‌ره به‌ره‌و نه‌مان ئه‌چن‌و کاری ئه‌ندامه‌کانی له‌ش تێك ئه‌چێ‌و مرۆڤ له‌بێ خوێنیدا زه‌رد هه‌ڵئه‌گه‌ڕێ‌و خه‌و ئه‌یباته‌وه . . ته‌وژمی خوێن نزم ئه‌بێته‌وه سك‌چوون‌و ره‌وانی بێ‌برانه‌وه‌وه‌و تینوویه‌تی ئه‌وه‌نده‌ی‌تر باری ئه‌و که‌سه ترسناك ئه‌کات‌و نیوه مردوو ئه‌بێ . به‌راده‌یه‌ك ئاگای له خۆی نامێنێ گوێ ناداته ئه‌و شوێنه‌ی لێ‌ی پاڵ‌که‌وتوه‌و پیسی ئه‌کات . پاش ئه‌مه ورده ورده ، بێ ئه‌وه‌ی هه‌ست بکات ، ئه‌مرێ . »

دوکتۆره‌کانی «ئێس‌ئێس» چه‌ند کتێبێکیان ده‌رباره‌ی ئه‌م باسه نووسیوه . . . خۆشیان ، بۆ «په‌ره‌سه‌ندنی راده‌ی زانیاری» به‌خۆش‌یه‌وه ئه‌یانڕوانیه «له‌برسا مردوه‌کان»

کارێکی گرنگی‌تری دوکتۆره نازی‌یه‌کان «نه‌زۆك کردنی» مرۆڤ بوو ! له‌م باره‌یه‌وه دوکتۆر (بڕاك) له ٢٨ی مارتی ١٩٤١دا ئه‌م نامه «نهێنی»یه‌ی بۆ سه‌رۆکی ئێس‌ئێس‌و سه‌رۆکی پۆلیس ناردو تیایدا بۆی روون کردنه‌وه که چۆن ئه‌توانرێ به‌هۆی تیشکی ئێکسه‌وه مرۆڤ نه‌زۆك بکرێ :

بۆ سه‌رۆکی ئێس‌ئێس

بۆسه‌رۆکی پۆلیس

« . . . . تاقی‌کردنه‌وه‌کانمان له‌م باره‌یه‌وه کۆتایی‌یان پێ‌هات‌و گه‌یشتینه ئه‌م ئه‌نجامه‌ی خواره‌وه : .

«بۆئه‌وه‌ی مرۆڤێك له‌سه‌دا سه‌د نه‌زۆك بکرێ‌و توانای منداڵ‌بوونی نه‌مێنێ ئه‌بێ «٥٠٠–٦٠٠» تیشکی ئێکسی بۆ پیاوان‌و «٣٠٠–٣٥٠»تیشك بۆ ژنان بۆماوه‌ی دووسێ ده‌قیقه به‌کاربهێنرێ‌و ئه‌م ڕێگایه‌ی پێشنیاری ئه‌که‌ین مرۆڤه‌که خۆشی پێ‌ی نازانێ . ئه‌و که‌سه بانگ ئه‌کرێته به‌ر په‌نجه‌ره‌ی

ئیستیعلاماتو بەهۆی پرسیارلێکردنەوە دووسێ دەقیقە رائەگیرێ. ئەو «مۆزەف»ەی لەودیو پەنجەرەکەوە دانیشتوە سویچی ئامرازەکە ئەکاتەوە کە بەشێوەیەکی نادیار ئاراستە کراوەو لەماوەی ئەو دووسێ دەقیقەیەدا لە دوو سەرچاوەی تیشکەوە ئەمەندە تیشك ئەدەن لەو مرۆڤە کە ئیتر بیرای توانای منداڵ دروستکردنی نامێنێ... ئەم جیهازە «٢٠٠٠٠–٣٠٠٠٠» مارکی تێ ئەچێ. هەرجیهازێك لەمانە رۆژی «١٥٠–٢٠٠» کەس بێ تۆو ئەکات تکایە بیرورای خۆتانم لەم بارەیەوە بۆ بنووسی. بژی هیتلەر.»

«ڤیکتۆر براك»

## ● عیادەکەی دوکتۆر مێنگێل

نازی‌یەکان هەر لەزووەوە بڕیاریان دابوو وڵاتە داگیر کراوەکان کەسیان تێدا نەهێڵنو پاش ئەمە بیانکەن بە خاکی ئەڵمانیا... هێشتا شارەکۆنە پڕ لە شارستانی‌یەکانی ئەورووپای وەك وارشۆ، پراگ، کیفو زۆری‌تر، ئەسووتانو بەتەواوی لەناو نەچووبوون بەڵام لەمێشکی سەرکردە نازی‌یەکاندا پلانی تەخت کردنو دروست کردنەوەیان دانرابوو، و نەخشەی خانووبەرەی رێكوپێك بۆ «مرۆڤە پاکەکان» لەلایەن «ئێس‌ئێس»و دەسەڵاتدارانی ترەوەکێشرابوو.

ئەمکارانە لەژێر دروشمی «ئەڵەمانیا زەوی بەش ناکا»دائەکرا بەڵام کە زانیان ئەڵمان بەشی هەموو زەوی‌یە داگیرکراوەکانی ئەوروپا ناکا داوایان لە دوکتۆرەکان کرد رێگای تازە بدۆزنەوە بۆ زیادکردنی منداڵی ئەڵمان.

پێش جەنگ «هیملەر» بیری لەمە کردبووەوە مەبەستی‌بوو. بڕیاردراکە دۆزینەی هۆی پەیدابوونی منداڵی «دوانە»و (سیانە» کارێکی گرنگو بەکەڵکە. ئەم کارە «مەزن»ە بە دوکتۆر «مینگێل» سپێردرا.

ئەم دوکتۆرە بەناوبانگە لە ئۆردوگای (ئۆڤێنسیم)دا «عیادە»یەکی کردوەو کە لەبانی کەرویشکی تاقی‌کردنەوە مرۆڤی بەکار ئەهێنا.

«مینگێل»، کە دووشەهادەی دوکتۆرای هەبوو: یەکێکیان لەپزیشکی‌و ئەوی‌تریان لە فەلسەفەدا، و حەزی لە رەوانبێژی ئەکردو وتەی بەکاکڵی «رۆست»و «ستێندال»ی لەقسەکانیدا بەکار ئەهێنا لەئەنجامی ئەم کارە زانیاریە گرنگەیدا ناونرا «مەلایکەتی‌مردن!»

کە دیلی تازە ئەهێنرانە ئۆردوگا ریزئەکرانو مینگێل بەسەریانەوە ئەگەڕا و بەئیشارەتێکی پەنجەی چارەنووسی دیاری ئەکردن. هەندێکیانی یەکسەر رەوانەی کوورەی سووتاندن ئەکردو هەندێکیان، بەتایبەتی «دوانە»و دوکتۆرە بەدیل‌گیراوەکانی ئەناردە شوێنی «تاقی‌کردنەوەی زیندوو»

«دوانە»کانیان وەك ئامرازی تاقی‌کردنەوەو دوکتۆرەکان وەك داردەستی بەجێ‌هێنانی تاقی کردنەوەکان بەکارئەهێنران بەم جۆرە، دوکتۆر «میکلۆس نێسلی»ی شارەزای ئەناتۆمی کەوتە لای مینگێل، کە هەڵدڕینی لەشی دوانەکانی پێ‌سپارد و لابۆرێکی تایبەتی بۆ کردەوە.. ژیانی ئەو چارە رەشانەی ئەهێنرانە ئەم شوێنە بە «٤» مانگ دیاری ئەکرا و پاش ئەمە ئەگۆڕران و کۆمەڵێکی‌تر ئەهێنران. لاشەی کۆنەکان ئەسووتێنرانو ئەوانی‌تر ئەخرانە جێگایان.

دوکتۆر «نێیسلی» بە موعجیزە لەوشوێنە رزگاری بوو ولە وەپاش لە کتێبەکەیدا ئەمەی نووسی:

«شوێنی تاقی‌کردنەوەو سلك هەڵدرین بەفەرمانی دوکتۆر «مینگێل»ی سەرۆکم کرایەوە. لەم ئۆردوگایەدا هەلێکی خەیاڵی هەبوو بۆ تاقی‌کردنەوەی ئەنجامی «خۆکوشتن»و مردنی هەمە جۆرە، بەتایبەتی «مردنی» مرۆڤی «دوانە».. چونکە ئەو هەموو لاشانەی لێرەهەبوون لە هیچ شوێنێکی تر دەست نەئەکەوتن.

کە ئەهێنرانە ئۆردوگاکە ریز ئەکران و ئەندامێکی ئێس‌ئێس ئەگەڕا بەناویاندا بۆ دۆزینەوەی «دوانە»و «کورتە بنە»ی

ناْئاسایی . ئەو دایکانەی کە وایان ئەزانی ئەمە شتێکی باشە بەخۆشی‌یەوە منداڵە «دوانە» کانیان ئەدانێ . دوانە گەورەکانیش ، کە وایان ئەزانی تاقی‌کردنەوەی زانیاری‌یان لەسەر ئەکرێ لەبەر ئەوە ژیانیان تارادەیەك باش‌ئەبێ ، خۆیان ئاشکرا ئەکرد . . . لەراستیشدا وابوو : پاش جیاکردنەوە ئەبرانە شوێنی تایبەتی‌و لەسەرەتادا جیٚ‌ی نووستنی باشیان ئەدانێ . . پاش ئەمە ئەبرانە ئۆردوگای «قەرەجەکان»و دەست ئەکرا بەتاقی کردنەوەی پزیشکی تەحلیلی خوێن‌و ئاڵ‌وگۆڕکردنی خوێنی دوانەکان‌و لێدانی دەرزی لە کەلەکەو چەشنەها تاقی‌کردنەوەی پڕ لە ئازاری تریان لەسەرئەکرا . لەپاشدا «دینا»ی هونەرمەندی «پڕاگ» وێنەی سەروگوێ‌و لووت‌و دەمی دوانەکانی ئەکێشاو لەگەڵ نووسراوی تایبەتی ئەنجامی تاقی‌کردنەوەکاندا ئەخرانە فایلێکەوە . . لەگەڵ کورتە بنەکانیشدا هەمان کار ئەکرا . لە دوای ئەمەش نۆرەی کوشتن‌و هەڵدرینی ئەهات‌و بە درێژایی دەربارەی ئەندامی ناوسکیان هەموو شتێك ئەنووسرا . لەبەر ئەوەی ئەم کارەی «دوانە»کان ئەبوایە لەیەك کاتدا ئەنجام بدرانایە دوکتۆر هەردووکیانی لەیەك کاتدا ئەکوشتن . بەم جۆرە ، ئەم کارە بەشێوەی «پزیشکی» ئەکرا . دوکتۆر «مینگێل» خواردنی باشی ئەدانێ ، ڕێ‌ی ئەدان هەرکاتێ بیانەوێ خۆیان بشۆن بۆ ئەوەی هیچیان نەخۆش نەکەون ، چونکە ئەبوایە هەموو «دوانە» یەك بەیەکەوەو بەبێ نەخۆشی بمرن !

هەندێ‌جار «دوانە»ی منداڵی یەك – دووساڵەش هەمان کردەوەی لەگەڵدا ئەکرا .

دوکتۆر «مینگێل» بەدرێژایی ڕۆژ لە تەنیشتمەوە ئەوەستاو سەیری هەڵدرینی سکی ئەکرد یان خۆی بەدەستی خوێناوییەوە خەریکی ناوسکی کوژراوەکان ئەبوو ، ئەمەش هەمووی لەرێ‌ی ئەوەدا ئەکرا «رەگەزەمەزنەکەی»ی ئەڵمان پێشبخرێ و زیاد بکرێ‌و هەوڵ بدرێ لەمەودوا هەموو ژنێکی ئەڵمانی «دوانە»ی ببێ .

دوای تەواو بوونی ئەم تاقی‌کردنەوانە بە فەرمانی دوکتۆر مینگێل لاشەکانم ئەنارد بۆ سووتاندن . پێش سووتاندنیان ئەندامە بەکەڵکەکانم گل ئەدایەوە بۆ دوکتۆر مینگێل بۆ ئەوەی بتوانێ تێ‌یان بڕوانێ‌و بەمە دڵخۆش‌بێ . ئەو بەشانەی کە پێویست بوو بگەنە «زانکۆ»ی بەرلین ئەمخستە شووشەوەو سەرەکانیم توند ئەبەست‌و بۆ ئەوەی بەزووترین کات بگەنە شوێنی خۆیان بە پۆستەدا ئەمناردن پاش ئەوەی لەسەرم ئەنووسی «زۆر خێرا» ، «زۆر گرنگە بۆ کاری جەنگ»و هتد . . . لەماوەی ئەم کارەمدا ئەمەندەم لەم شتانە نارد بۆ «زانکۆ»ی بەرلین لە ژماردن نایەن . لەوێشەوە ئەنجامی تاقی‌کردنەوە «زانیاری»یەکانی خۆیان بۆ ئەناردین‌و پێ‌یان ئەوتین لەوەپاش چی‌بکەین . ئەم نووسراوانەم هەموو لە چەند فایلێکدا کۆکردەوە . . یەکێك لەو نوسراوانە سوپاسێکی گەرمی زانکۆبوو بۆ دوکتۆر مینگێل کە بەو جۆرە خۆی ماندووکردوەو ئەو شتە بەکەڵکانەی بۆناردوون .

## ● ڕەچەتەکەی پرۆفیسۆر «شپانێر»

ئەم ڕەچەتە «نایابە»ی خوارەوە دوکتۆر شپانێری پرۆفیسۆرو سەرۆکی کۆلیجی ئەناتۆمی ئەکادیمیەی پزیشکی ئامادەی کرد بۆ دروست کردنی سابوون لە چەوری مرۆڤ :

«کۆلیجی ئەناتۆمی ئەکادیمی پزیشکی

«شاری دانزیگ – ١٥ی شوباتی ١٩٤٤

«شەقامی دیلبرۆك ئالێیا ژمارە «٦»

«سەرۆکی بەشی ئەناتۆمی پرۆفیسۆر دوکتۆر شپانێر بۆدروست کردنی سابوون لە پاشماوەی چەوری .

ئەم کەرەسانە پێویستن :

٥–٦ کیلۆ چەوری .

١٠ لیتر ئاو .

١٠٠٠ غرام کەرەسەی وشك .

١ کەوچك سۆدەی وشك

«ئەمانەی سێ سەعات بکوڵێنرێ ، خوێ‌ی چێشتی تێ

بکری‌و ساردبێتەوە . سەرە مەیوەکەی ببڕیٚ‌و دووبارە لەگەڵ یەك – دوو لیتر ئاوی‌تردا سەر لە نویٚ بۆ ماوەی دووسەعات بکوڵێنریٚ . . دوایی بکرێتە سەرسینی تایبەتی‌و بە پی‌ٚی پێویست ببڕیٚ ، . . . ئەوسا ئامادەیە بۆ بەکار هێنان . بۆ ئەوەی بۆنە ناخۆشەکەی نەمێنیٚ ئەبیٚ پێش ساردبوونەوەی هەندیٚ شتی بۆنداری تی‌ٚبکریٚ .»

دوکتۆری ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە لە کولیجەکەیدا لابۆرێکی تایبەتی دروست‌کردو بۆ «بەفیرۆ نەچوونی» لاشەو بەکار هێنانی بۆ «کاری بەکەڵکی وڵات» لە ١٩٤٣دا فەرمانی بە مووچەخۆرەکانی‌دا کەرەستەی بۆ ئامادەبکەن‌و خۆشی دەستی کرد بە تاقی‌کردنەوە بۆ ئامادە کردنی ئەو رەچەتە «نایابە» بۆ دروست کردنی سابوون .

ئەم کارەی دوکتۆر شپانێر وەك زوربەی کارەکانی‌تری «زاناو شارەزاکان» چوە دڵی کاربەدەستانی هیتلەرەوە . «کۆنتی» وەزیری تەندروستی‌و «رۆست»ی وەزیری پەروەردەو شارەزایانی زوربەی کولیجە پزیشکی‌یەکانی ئەڵمانیا سەریان لێدا .

دوکتۆر شپانێر کارێکی «گرنگی» ئەنجام‌دا . ئەو لاشانەی کە ئەوسا نەیان ئەزانی چیان لی‌ٚبکەن‌و وەك گرد لە هەموو لایەکدا هەڵورابوونەوەو مایەی نارەحەتی بوون ئێستا بەهۆی ئەمەوە ئەتوانرا «کەڵك» بگەیەنن بە وڵات .

دوکتۆر شپانێر کاری بۆ پێستی مرۆڤیش دۆزیەوە : چەشنەها جانتای دەستی ژنان‌و دەستیکێشیان لیٚ دروست ئەکرد ، بۆ ئەمەش لاشەی بی‌ٚسەری ژن‌و پیاویان بۆ ئەنارد .

ناشیٚ ئەوەمان بەبیر بچیٚ کە ئەم کارە «مرۆڤایەتیانە» لەناوەراستی سەدەی بیستەمدا ئەکران .

بەڵام کە ئەم رێبازە کۆتایی هات‌و تاوانبارانی جەنگ لە دادگاکانی «نورنبێرگ Nurnbtrg»دا خرانە بەر پرسیار لەسەرخۆو بەشێنەیی دەست‌کرا بە بیانوو دۆزینەوە بۆ رزگارکردنیان لە تاوانەکانیان‌و مەحکەمە کردنی «تاوانبارانی پزیشکی» نزیکیساڵێکی خایاند ، واتا لە «١٩٤٦»ەوە هەتا ١٩٤٧ .

«تەرازووی داد»ی فیمێد ، کە نیشانەی دادو عەدالەتی هەموو دادگایەکی جیهانە ، بەداخەوە لەنگەری تێك‌چووو وت‌و یژی جیاجیا لە نێوان دادپرسەکاندا پەیدابوو دەربارەی ئەوەی کە هەریەکەیان چۆن لە عەدالەت ئەگەن .

ئایا رەوابوو ئەوکاتە لەو هەموو کارە دڕندانانەدا بپۆشریٚ کە هەندیٚ لە دوکتۆرەکان کردبوویان ؟ . هەرچەندە لە هۆڵی دادگادا داوای «داد»و نەهێشتنی تاوانی پزیشکی ئەکرا لەگەڵ ئەوەشدا لەو هەموو دوکتۆرە تاوانبارانەی ئەم کارانەیان کردبوو تەنیا «٢٥» یان دران بەمەحکەمە ، کە دوانیان بڕوانامەی دوکتۆری‌یان نەبوو . . بەڵام سی‌ٚیەکی ئەمانە بەخشران‌و بەردران ، سی‌ٚیەکیان گیران ، و تەنها حەوت کەسیان فەرمانی هەڵواسینیان‌درا .

ئەوانەی گیرابوون ئەوەندەی نەخایاند پێش‌کاتی خۆیان بەردران . بۆ وێنە ، دوکتۆر «رۆزیٚ» ، کە فەرمانی گرتنی هەتا مردنی بەسەرا درابوو تەنهاهەشت ساڵ‌گیراو . خاتو هێرت ئۆبێر خێنزەر»ی سادی ، کە هەزارەها ژن‌و منداڵی کەلەپاچەکرد بوو بەردراو وەك جاران بووەوە بە دوکتۆری منداڵان لە «شتۆکزیٚ» . دوکتۆر «ویلیام بێگێلبێك» کە بەپازدە ساڵ حوکم‌درا بوو لە ١٩٥٢دا بوو بە بەرێوەبەری نەخۆشخانە . هەندێکی تریان دووبارە گەڕانەوە سەرکاری (زانیاری) خۆیان‌و ئەو دەستانەی ئەوسا ژەهریان پیٚ ئەکردە دەماری گیراوەکانەوە دووبارە کەوتنەوە «فەحس» کردنی گەورەو منداڵ‌و رەچەتەیان پیٚ ئەنووسین .

رۆژان هات‌و رۆژان رۆیشتن‌و گیا لەسەر گۆڕی قوربانی‌یەکان سەوزبوو ، منداڵانی پاش‌جەنگ گەورە بوون‌و پێگەیشتن بەڵام کاری ترسناکی نازی‌یەکان بیر نەچوونەوە ، چونکە بەداخەوە زۆر لەو کارانە هێشتا لەژێر زۆر پەردەدا هەرئەکرێن .